عەبدوڵڵا سەمەدی

# چیرۆکی ژیان

چراتۆڕ لە قولینچکی ژووریَ، لە سەر چەرپایەیەك داییسا. خامێکی سپی گوڵدۆزی کراوی لە ژێر ڕاخرابوو کە بە دەورانبەری چەرپایەکەدا شۆڕ ببۆوە. کەمێك ئەوبەرتر، ***شۆشۆ*** بە تاسکڵاو و چارشێوشانەوە لە پەنا سەماوەر، کە جێی هەمیشەیی خۆی بوو، دانیشتبوو. ئیسکان و ناڵبەکییەکان پاکوخاوێن لە نێو سووزمەیەك هەڵچندرابوون. دوو سێ کچەجحێڵەی خزم، لە هاتوچوو دابوون. ماڵ هەڵگێرابۆوە و هەموو شت ڕەنگێکی نوێی بە خۆوە گرتبوو. گنجی پەردەکان دەریاندەخست کە تازە شۆراون و ئەورۆ ئێوارەیەکی درەنگ هەڵواسراونەوە.

ژنێکی جحێڵ و منداڵکارە، لە گۆشەی بەرامبەری چراتۆڕەکە، دەجێوبانێکی خاوێندا ڕاکشابوو. دۆشەگەڵە و باڵنجێکی بچووکی لە پەنا ڕاخرابوو کە مەلۆتکەیەکی لە سەر درێژ کرابوو.

پیاوەکان هاتنەوە و ئاوەدانییەکیتریان خستە نێو ماڵەکە. دوو سێ کەسیشیان لە خزمەکان لەگەڵ بوو. نان خورا و مەجلیسی قسە و باسی خۆش دامەزرا. نوقڵ و شەوچەلە لە چەقی ژووریَ ڕیز کران و لەسەر بڕیاری پێشوو نێوی منداڵەکەیان نا (**ژیان**).

دەست بە دەست گەڕا. هەرکەسە ماچی دەکرد و ئاواتی تەمەنی درێژی بۆ دەخواست. گەیشتەوە دەستی باپیری. بە چاوە چکۆڵە و ڕدێنە سپییەکەیەوە تێیڕاما. دۆعایەکی بەسەردا خوێند و ماچی کرد و لێی خورد بۆوە. دەتگوت لە سیمای ژیاندا لە ئاواتە بەدینەهاتووەکانی خۆی دەگەڕێ. دایەوە دەست شۆشۆ و لە پەنا دایکی دایاننا.

**ژیان** هەروا کە لەسەر پشت ڕاکشابوو، بیری لە ڕۆژانی پێشوو دەکردەوە. لە خانووبەرە دوو نهۆمەکەی سەردەمی منداڵی، لە پلیکانە بڵێندەکان، لە حەوشەی گڵ  کە ئێواران ئاوپرژێن دەکرا و دەماڵدرا، لە دارەمێوەکەی پەنا مدبەق، لەکۆڵانی تەنگەبەر و دوور و درێژ...

بە ئەسپایی ڕاستەوە بوو. بەرەو پەنجەرە ئاوەڵاکەی ڕوو وەو حەسار ڕۆیی. گوڵەبەڕۆژەکان هێندێك ڕاست هەڵچووبوون و لە پشت شووشەوە سەرەتاسکەیان دەکرد و چاویان بڕیبووە ژوورەکە، هێندێکیش پشتیان چەمابۆوە و چاونزێر بەر پێیخۆیان دەپشکنی.

**ژیان** هەروا کە دەستی بە ڕێسمەی پەنجەرەکەوە بوو بە هەموو هێز و توانای خۆی قاقایەکی کێشا و لە گەڵی پشتەوشکێن بۆوە. بە دەم پێکەنینەوە فرمێسکەکانی دەسڕییەوە و بەرەو پەنجەرە داخراوەکەی ئەوبەر هەنگاوی دەنا..

باسکەکانی لە سەر سینگی گرێدابوو و لاجانگی بە شووشەکەوە نووساندبوو. جاڵجاڵۆوکەیەك کەلێنی دەرەوەی پەنجەرەکەی تەنیبوو و پەپوولەیەکی وشکهەڵاتووی پێوە هەڵواسرابوو. هەندێ وردە کاغەز و چەند گەڵای زەرد

و سوور هەڵگەڕاو لە نێوەڕاستی حەوشە تەنگ و خەفەکەی پشتماڵەوە، شایی جندۆکانیان دەگێڕا. پەپوولەپایزەکانیش لە بندیوار ڕێچکەیان بەستبوو و قەراغەوقەراغ دەسووڕان و سەیرکەری ئەم ڕەشبەڵەکە بوون.

پۆلوویەکی گڕاوی بە زەینیدا ڕاخووشی و ئاسمانی بیری ڕووشاند: " *دەنگی قامیش ئەوڕۆژە خنکا، کە شمشاڵیان لێ‌دروست کرد.*"

**ژیان** هەستی بە گەرمیی ئەو فرمێسکە کرد کە وەکی ئاوی کوڵیو ڕوومەتی بڕی و لە ژێر چەنەی چلوورەی بەست.

تاسەی بیرەوەرییە نێژراوەکانی هەڵیانگرت. خۆی لە ***گومبەزان*** [1] دیتەوە. بە داوێنی گردەکەدا هەڵدەگەڕا و بە ئالی هەر کێلێکدا دەبووری، لە ناوەکەی خورد دەبۆوە. لە دوندی گردەکە ڕاوەستا. پێشی شاخ بوو و پشتی شار. بە ئارامی وەرچەرخا و لە گۆڕستانە گەورەکەی دووری ڕوانی.

بایەکی تۆزاوی هەڵیکردێ و بلێسەی قژەکانی وەسەما خست. ڕۆژ لە پشت ***داشامەجید***[2]ەوە ئاوا بوو، و شۆشۆ فووی بە سەماوەرەکە داکرد. پێچی چراتۆڕەکەی شلکردەوە و تۆڕەکە هێندێکی کایە بە گڕە ڕەشهەڵگەڕاوەکەی لای چەپی سینگییەوە کرد و کوژایەوە.

**ژیان** لە ئاستی خۆی ڕۆنیشت. کێلێکی بۆر لە بەر دەمی وردە وردە لە گڵە زەردەکە ڕوا و هەندی گوڵەبەڕۆژەیەک هەڵچوو. لە سەری نووسرابوو:

***" چ بەختەوەرم ئەمڕۆ، کە لەشم لە ئامێزی تۆدا ئارامی گرتووە و مێشك و دڵ و خوێن و هەناوم لە تۆدا دەتوێنەوە و پرزۆڵەکانی جەستەم تێکەڵ بە دار و بەرد و تۆز و خۆڵی تۆ دەبنەوە، ئەی نیشتمانی بێکەسم! ! "***

---

[1] گۆڕستانی گشتیی شاری مەهاباد

[2] کێوێکە لە ڕۆژهەڵاتی مەهاباد